The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# 4 لاوەکەی گۆپتەپە گوشار دەخرێتە سەریان

ئەمسالّ  لە یادی کارەساتی کیمیا بارانکردنی شارە گوندی گۆپتەپەدا , **4** لاوی پاشماوەی قوربانییان نارِەزایەتییان دەربڕی بەرامبەر یادکردنەوەی کارەساتی گۆپتەپە , بەهۆی ئەو هەموو پەیمانانەی لە رِابردوودا بە خەڵکی ئەم گوندە دراوەو جێبەجیّ نەکراون . پاش ئەوە ئەو **4** لاوە گوشارخراوەتە سەرییان , یەکییان پۆلی شەشی ناوەندییەو قوتابخانەی بەجێهێشتووە و سەری خۆی بۆ هەولێر هەڵگرتووە, ئەوانی دیکەش لەژێر گوشارداندان .

لێرەدا ئێمە سەرباری ئەوەی دەستخۆشی لە دواین هەوڵی حکومەتی سلێمانی دەکەین بەوەی موچەی پاشماوەی قوربانییانییان زیاد کرد , , هەرچەندە هێشتا ناعەدالەتی گەورە لە کوردستاندا لە موچەدا هەیە و دەبێت ئاستێك لە نێوان بەرزترین و نزمترین موچە دابنرێت . لە هەمان کاتدا حکومەتی هەرێم بە هەردوو بەشەکەیەوە هوشیار دەکەینەوە لە گوشارخستنە سەر ئەو **4**لاوەی گۆپتەپەو هەموو پاشماوەی قوربانییان . کەس و کاری قوربانییان ئازادن نارِەزایەتی دەربڕن , بەرامبەر هەرپێشێلێکی مافەکانییان , هەر گوشارو زیندان و ئەشکەنجەو ئازارێکییان ناچارمان دەکات بەیاننامە بە زمانی جیاجیا دەرەکەین و ناوەندە بیانییەکانی لیّ ئاگاداربکەینەوە و نارِەزایەتی دەربڕین .

لە کۆتاییدا داواکارین هەموو گوشارێك لەسەر ئەو **4** لاوەی گوندی گۆپتەپە هەڵگرترێت و بێبەش نەکرێن لە خوێندن .

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد –چاك 20–5–2005**